باڵێزی تورکیا سوپاسی هێوکانی بارزانی بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی دەکات

ڕۆژی پێنجشەممە 17ـی تەمموزی 2025، لە سەرەتادەدین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئانیل بەرا ئینان، باڵێزی تورکیا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد.

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی بارەگای بارزانی، لە دیدارەکەدا کە ئیرمان تەپچو کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر ئامادەی بوو، گفتوگۆ لەبارەی پێشهات و بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و پێوەندییەکانی نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ کرا.

بارەگای بارزانی ئاماژەی بەوەش کردووە، هەر لەو دیدارەدا ڕەشنایی خرایە سەر پرۆسەی چارەسەری ئاشتی لە تورکیا و باڵێزی تورکیا لە عێراق سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد کە بە درێژایی ساڵانی رابردوو ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتی لە تورکیا.

پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا تەوەری دیکەی ئەو دیدارەبوو.